پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بۆ سەر ئوکەیدیری دومە، ئوکەیدیر بە (دیل) گیرا وهێنایان، خوێنی پاراست وپەیمانی ئاشتی لەگەڵدا بەست؛ ئەویش بە پێدانی جزیە (سەرانە)

لە ئەنەسی کوڕی مالیک وعوسمانی کوڕی ئەبی سولەیمانەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێن: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بۆ سەر ئوکەیدیری دومە*، ئوکەیدیر بە (دیل) گیرا وهێنایان، خوێنی پاراست وپەیمانی ئاشتی لەگەڵدا بەست؛ ئەویش بە پێدانی جزیە (سەرانە)». *(ئوکەیدیر: پادشایەکی گاورِی عەرەب بوو)

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە تەبوک مەفرەزەیەکی نارد بە سەرکردایەتی خالیدی کوڕی وەلید لە ڕۆژەکانی ڕزگارکردنی ئەو ناوچەیە کە پادشایەکی گاورِی عەرەب فەرمانڕەوا بوو لەوێ بە ناوی ئوکەیدیر، بۆیە خالیدی کوڕی وەلید بە دیل ئوکەیدیری گرت وقەڵاکەی ڕزگار کرد، وهێنای بەرەو مەدینە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گەڕانیەوە بۆ شوێنەکەی خۆی، وپەیمانیدا خوێنی پارێزراو بێت؛ بە مەرجێک جزیە (سەرانە) بدات، زۆری لێ نەکرا کە ببێتە مسوڵمان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/64631